

تەنیا لە ماوەی 16 رۆژدا..

# رۆناڵدۆ 22.5 ملیۆن گۆڵی تۆمارکردووە

رووداوی وەرزشی - CNBC

لە 16 رۆژی یەکەمی کەوتنە بازاڕیدا، یاری فیفا 16 سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەستهێناو چەند ئامارێکی سەرەنجراکێشی تۆمارکرد، کە لە پێشبینی کەسدا نەبوون. بەتایبەتیش ژمارەی گۆڵ تۆمارکردنەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کە بە رێژەیەکی خەیاڵی بووە.

بەپێی ئەو ئامارانەی کۆمپانیای بەرهەمێنەری یاری فیفا 16 بڵاویکردوونەتەوە، لە ماوەی تەنیا 16 رۆژدا، لە 2015/9/24 تاوەکو 2015/10/10 ئەوانەی لەسەرانسەری جیهاندا ئەو یارییەیان کردووە لە رێگەی رۆناڵدۆوە زۆرترین گۆڵیان تۆمارکردووە، کە گەیشتووەتە 22.5 ملیۆن گۆڵ، ئەمەش رێژەیەکی خەیاڵییەو بەجیاوازییەکی زۆر لەپێش سەرجەم یاریزانەکانی دیکەیە، بە لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینیشەوە، کە لەسەر ئەرزی واقیعدا رکابەری یەکدین. بەڵام ئەم گۆڵکردنە زۆرەی رۆناڵدۆ لە کاتێکدایە کە بەپێی ئەو ئامارانە لەو ماوەیەدا لەنێو سەرجەم یانەکانی جیهاندا زۆرترین یاری بە ریال مەدرید کراوەو لە کاتی یاریشدا زۆرترین پشت بە رۆناڵدۆ بەستراوە.

بە گوێرەی ئەو ئامارانە، لە ماوەی ئەو 16 رۆژەدا زیاتر لە 300 ملیۆن یاری کراوە، واتە زیاتر لە ملیار و نیوێک کاژێر ئەو یارییە ئەنجامدراوەو زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی سویدی لەدوای رۆناڵدۆ زۆرترین یاری پێکراوەو 6.4 ملیۆن گۆڵی تۆمارکردووە. ئینجا سێرجیۆ ئەگوێرۆی ئەرجەنتینی و رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی پۆڵەندی زۆرترین رەواجیان هەبووەو زۆرترین گۆڵیان تۆمارکردووە.

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (374) سێشەممە 2015/11/10 - 19ی ... ی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



هەموو ئینگلیزەکان خۆشیان دەوێت، لەبەرئەوەی کەسێکی خاکی و خۆبەکەمزانە..

# نۆرماڵ وەن

"کلۆپ مامۆستای بیرکارییە لەبەرئەوە بلیمەتە"



## پیلانێکی گەورە لەدژی ریال مەدرید ئاشکرابوو

4



5

## زۆربەی یاریزانانی تۆپی پێ ددانیان ناشۆن



# کچە کوردێک دەبێتە یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارک

3«

## شەوێکی ڕەش



کەریم بنزیمەی هێرشبەری فەرەنسی بە ئۆتۆمبێلێکی مارسیدیسی ڕەش زیندانی بەجێهێشت و کۆتایی بەو شەوە رەشەی هێنا، کە خۆی دەڵێت "ئەو شەوەی لە زینداندا مامەوە رەشترین شەوی ژیانم بوو". ئەو شەوە ڕەشە بەهۆی ئەوە بەسەر بنزیمەدا هات، کە لەلایەن دادگاوە تۆمەتبارکراوە بە هەوڵدان بۆ ناوزڕاندنی ماتیۆ ڤالبوێنای هاوڕێی لە هەڵبژاردەی فەرەنسا، گوایە بنزیمە هەڕەشەی لە ڤالبوینا کردووە ئەگەر پارە نەداتە 3 کەس، ڤیدیۆیەکی سێکسی ئەو یاریزانە بڵاودەکەنەوە، بەڵام بنیزمە دەڵێت "من وەک ئامۆژگاری ئەو قسەیەم بە ڤالبوینا گوتووە نەک وەک هەڕەشە".

نهێنییەکانی ژیانی بزانە..

# "کلۆپ مامۆستای بیرکارییە لەبەرئەوە بلیمەتە"



**ئا: رووداوی وەرزشی**

یۆرگن کلۆپ، ڕاهێنەری پێشووی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی و ئێستای لیڤەرپوولی ئینگلیزی چەند نهێنییەکی لە ژیاندا هەیە، کە لەوانەیە کەم کەس بزانن.

کلۆپ، ناوێکی دیاری نێو جیهانی ڕاهێنانە، لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی دەستکەوتە گەورەکانی لەگەڵ دۆرتمۆند، وەک 2 جار بردنەوەی نازناوی خولی ئەڵمانیا و گەیشتن بە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، وەلێ زۆر لە شەیدایان نازانن کلۆپ بەر لەوەی خۆی بخزێنێتە نێو جیهانی ڕاهێنان، مامۆستای بیرکاری بوو کە هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لێبوو، چونکە قوتابییەکی زۆر زیرەک بوو و زۆر حەزی لە وانە زانستییەکان بوو، وەلێ بڕیاری دا ئەو زیرەکییەی خۆی لە بواری ڕاهێنان وەبەربهێنێت، هەر ئەوەش هۆکاری دانانی پلانی تەکتیکی نایاب بوو.

### لەبەر ڕاهێنان وازی لە زانست هێنا

ئەوانەی ئاگایان لە کاروانی یۆرگن کلۆپە، دەزانن ئەگەر لە بواری وانەگوتنەوە بەردەوام بایە دەگەیشتە ئاساتێکی باڵا، چونکە لە وانەی بیرکاری زۆر زیرەک بوو، بەڵام شەیدایی بۆ تۆپی پێ و پەرۆشی بە پیشەی ڕاهێنەرایەتی وایان لێکرد، خۆی بخزێنێتە نێو بواری ڕاهێنان و ڕێچکەیەکی تازە بگرێتەبەر، دوای ئەوەی لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا یاریزانێکی نەناسراو بوو، دەتوانین بڵێین بژاردەکەی کلۆپ زۆر سەکەوتوو بوو، نەخاسمە دوای ئەوەی بووە ڕاهێنەرێکی زۆر بە توانا.

> " ئینگلیزەکان لەبەر خۆبەکەمزانینی کلۆپ ناویاننا نۆرماڵ وەن"

### خاکی کلۆپ بووتە قسە و باس

هێشتا یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپوول، بەهۆی هەڵسوکەوت وسادەییەکەی لە ئینگلتەرا بەگشتی و شاری لیڤەرپوول بەتایبەتی مایەی قسە و باسە. ئەوەش وایکردووە بەردەوام لەگەڵ خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری چێلسی بەراوردی پێبکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کلۆپ داوایکرد بە "نۆرماڵ وەن" واتە پیاوە ئاساییەکە ناوی بهێنن، کە ئاماژەیە بۆ نازناوی مۆرینیۆ "سپێشەل وەن".

بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، ڕاهێنەری پێشووی بورۆسیا دۆرتمۆند، بەهۆی نزیکبوونی و مامەڵەنەکردنی بە لووتبەرزی، سۆزی هەموو ئەوانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، کە لە یاریگەی ئەنفیلد کاردەکەن، ئەگەر شتەکە بە سادەترین کرێکاریشەوە پەیوەست بێت. ئەو ڕۆژنامەیە لەو بارەوە نووسیویەتی "کلۆپ لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە ئانفیلد کاردەکەن وەک برادەر مامەڵە دەکات، سڵاویان لێدەکات و زۆرجاریش ئەگەر بواری هەبێت قسەیان لەگەڵ دەکات و سوعبەت و قسەی خۆشیان لەگەڵ دەگۆڕێتەوە". کە بێگومان ئەم هەڵوێستەی کلۆپ پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی کەسایەتییە وەرزشییە ئەستێرەکانە، ڕاهێنەر بن یان یاریزان. ئەوان هەمیشە جۆرێک لە خۆبەگەورەزانین و لووتبەرزیان پێوەدیارە. بۆیە هەر ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێت "ئەگەر مۆرینیۆ سپێشەڵ وەن بێت، ئەوا کلۆپیش نۆرماڵ وەنە".

> "ئەگەر لەبەر تۆپی پێ وازی لە خوێندن نەهێنابوایە دەگەیشتە ئاستێکی بەرزی زانستی"

کەتالۆنییەکان دەڵێن بە ئەنقەست چاوپۆشی لە کریستیانۆ دەکرێت..

# گەندەڵی نەیهێشت ڕۆناڵدۆ لە کلاسیکۆ بێبەش بێت

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

کەتالۆنییەکان دەڵێن "لیژنەی ناوبژیوانانی سەر بە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا چاوپۆشی لە هەڵەیەکی گەورەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکات بۆ ئەوەی بەشداری لە یاری کلاسیکۆدا بکات". ئەو لیژنەیەش دەڵێت "ناوبژیوان دیمەنەکەی نەبینیوە".

بە گوێرەی چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیسپانی، ڕۆناڵدۆ هەڕەشەی بەشداری نەکردنی لە یاری کلاسیکۆی نێوان ڕیال مەدرید و بارسێلۆنای لەسەر بوو، بەهۆی ئەو گرتەیەی دوای یاری ڕیال مەدرید و لاس پالماس لە گەڕی دەیەمی لیگادا بڵاوبووەوە کە تێیدا دەردەکەوێت ڕۆناڵدۆ بەشێوەیەکی زۆر ناڕەوا لە پشتەوە شەقێک لە داڤید سیمۆنی یاریزانی لاس پالماس دەدات. بەڵام وادیارە لیژنەی ناوبژیوانانی سەر بە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا هیچ سزایەکی بەسەر ڕۆناڵدۆدا نەسەپاندووەو تەنانەت هەر قسەشی لەسەر نەکردووە، بە پاساوی ئەوەی ناوبژیوانی یارییەکە دیمەنەکەی نەبینیوەو لە ڕاپۆرتی خۆیدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکردووە. بەڵام ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا جارێکی دیکە لیژنەی ناوبژیوانانی سەر بە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە یاساکانی بەسەر یانەی ڕیال مەدرید و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆدا جێبەجێ ناکات و دەڵێن "لە جیاتی ڕۆناڵدۆ هەر یاریزانێکی دیکەی هەر یانەیەکی دیکە بوایە، سزا دەدراو بۆ چەند یارییەک رادەگیرا".

بە قسەی کەتالۆنییەکان ئەو وێنەو گرتە ڤیدیۆیەی لە میدیاکاندا بڵاوبوونەوە بەڵگەی بەرجەستەن بۆ ئەوەی ڕۆناڵدۆ سزا بدرێت و دەڵێن "هەموو کاتێ مەرج نییە ناوبژیوان هەڵەی یاریزان ببینێت، بەڵام خۆ وێنە و ڤیدیۆیەکە دەریدەخەن کە ڕۆناڵدۆ کارێکی زۆر نابەجێی لەناو یاریگەدا ئەنجامداوەو پێویستە چەند یارییەک رابگیرێت". هەروەها دەشڵێن "ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو ڕاستییەی کە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ڕیال مەدرید و ڕۆناڵدۆی خۆشدەوێت و نەیویستووە ڕۆناڵدۆ لە یاری کلاسیکۆ بێبەش بێت".

ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا ڕووداوەکەی خافیێر ماسکیرانۆی یاریزانی بارسێلۆنا دێننەوە بیری خەڵکی و دەڵێن "هەڵەی ماسکیرانۆ نیو ئەوەندەی هەڵەی ڕۆناڵدۆ نەبوو، کەچی ماسکیرانۆ بۆ دوو یاری ڕاگیرا، بەڵام بۆ ڕۆناڵدۆ هەر بیر لە سزادانی نەکرایەوە". تەنانەت یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا نووسیویەتی "گەندەڵی نەیهێشت ڕۆناڵدۆ لە یاری کلاسیکۆ بێبەش بێت".



> "هەڵەی ماسکیرانۆ نیو ئەوەندەی هەڵەی ڕۆناڵدۆ نەبوو، کەچی ماسکیرانۆ 2 یاری ڕاگیراو ڕۆناڵدۆ هیچ"

بۆ یەکەمجار لە مێژووی تۆپی پێی کورددا ڕوودەدات..

# کچە کوردێک دەبێتە یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارک

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ دانیمارک**

بۆ یەکەمجار لە مێژووی تۆپی پێی عێراق و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش کچە کوردێک درێسی هەڵبژاردەی تۆپی پێی دانیمارک دەپۆشێت و لە ئێستاشەوە بەرپرسانی فیدراسیۆنی ئەو وڵاتە چاویان لە تواناکانی ئەو کچە کوردە بڕیوە تاوەکو بە خێراترین کات پلەکانی هەڵبژاردەکانی وڵاتەکەی ببڕێت و بگاتە هەڵبژاردەی یەکەم.



ئاریشا عادل ساڵح، کە لە سەرەتاکانی ساڵی 2000 هاتووەتە دونیاوە، ماوەی چەندین ساڵە لە وڵاتی دانیمارک ژیان بەسەردەبن و هەر لە سەرەتای منداڵیشەوە لە ڕێگەی قوتابخانەکەیەو هاوکاری خانەوادەکەی چووەتە دنیای وەرزشەوە، پاش بڕینی چەندین قوتابخانە و فێرگەکانی تۆپی پێی وڵاتی دانیمارک بە چەندین پرۆگرامی جیاواز دەگاتە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی دانیمارک و درێسی ژمارە 2ی ئەو وڵاتەی پێبەخشراوە.



باوکی ئاریشا تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند "لێرە پاڵپشتی و پێگەیاندنی یاریزانان زۆر دەکرێت و ئێمەش هەوڵی تەواوەتی خۆمان داوەتە ئاریشا تاوەکو گەیشتووە بەو قۆناخەو چاودێرییەکی باشی هەیە لەلایەن سەرپەرشتیارەکانییەوەو لە زۆربەی یارییەکان پشتی پێدەبسترێت". ئەو خاتوونە یاریزانەی هەڵبژاردەی دانیمارک، یاریزانێکی سەرەکی یانەی سکاندەربۆرگیشەو لە بەشی زۆری یارییەکانی ئەو یانەیە بە یاریزانێکی یەکلاکەرەوە هەژمار دەکرێت.

ئاریشا، تەنیا خۆی یاریزانێکی دیار نییە لە خانەوادەکەی، ئالان عادلی برایشی هەمان ڕێچکەی خوشکەکەی گرتووەو بەهەمانشێوە ئەویش لە تیپی تۆپی پێی یانەی سکاندەربۆرگە لەسەر ئاستی تەمەنەکان و باوکیشیان پێشتر لە چەندین یاری تۆپی باسکە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە تیپەکانی سلێمانی یاریکردووە.

تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی و ناونووسکراو لە پەڕاوی فیدراسیۆنە جیهانی و ئەوروپییەکاندا بەهیچ شێوەیەک یاریزانی کورد لەسەر ئاستی خانمان بۆ تۆپی پێ ناوی تۆمارنەکراوە، بەوەش ئاریشا دەبێتە یەکەم کچە یاریزانی کوردستان کە هەڵگری وڵاتینامەی دانیمارکییە بۆ هەڵبژاردەیەکی بیانی یاری بکات.





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com



## چینییە

ڕۆژنامەی گلۆبۆی بەناوبانگی بەرازیلی ئاشکرایکرد کە لویس فابیانۆی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل، کە ئێستا یاری بۆ یانەی ساوپاوڵۆی بەرازیلی دەکات، دەچێتە ریزەکانی یانەیەکی خولی پلە دووەکانی چینی و لەو بارەوە نووسیویەتی "یانەی ساوپاوڵۆ نایەوێت گرێبەستەکەی لویس فابیانۆ نوێبکاتەوە، بۆیە ئەو یاریزانە بەنیازە بچێتە ریزەکانی یانەی تیانجین سۆنگ جیانگی چینی، کە لە خولی پلە دووەکانی ئەو وڵاتە یاریدەکات و ڤاندەرلی لۆکسمبۆرگۆی ڕاهێنەری بەرازیلی سەرپەرشتی دەکات".

ئەنتۆنی مارتیال..

# گرنگترین گرێبەستی شەیتانە سوورەکان



"مارتیال زۆر سیفەتی یاریکردنی تێری هێنری تێدایە"

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

هەرچەندە لە سەرەتادا رەخنەی زۆری لێگیرا، بەڵام گرێبەستکردنی مانچستەر یونایتد لەگەڵ ئەنتۆنی مارتیالی یاریزانی فەرەنسی گرنگترین دەستەوارەی شەیتانەکانە لەم هاوینەدا.

### شێوازی یاریکردن

مارتیال هێرشبەرێکی رەوانە، لەهەموو شوێنەکانی هێڵی پێشەوە یاریدەکات، تەنیا بە تۆمارکردنی گۆڵ ناوەستێت، بەڵکو گۆڵی زۆریش بۆ هاوڕێکانی دروستدەکات، چونکە دەتوانێت وەک یاریزانی باڵیش یاریبکات، ئەوەش بۆ خێرایی و بەهێزی جەستەی دەگەڕێتەوە، کە دەتوانێت فشار بۆ بەرگریکارانی تیپی بەرامبەر دروست بکات و لەناوەڕاستی یاریگەوە دەست بە هێرشی خێرا بکات.

### یاریزانێکی تەواوە

دوور لە ڕێژەی بەرزی گۆڵەکانی، ئەنتۆنی یاریزانێکی تەواوە، واتە دەتوانێت یاریزان ببڕێت و شتی لەناکاو بکات، بۆیە ڕاگرتنی لەهەر گۆشەیەکی لە سێیەکی دوایی هێرشبردن ئەستەمە، بێجگە لە تۆمارکردنی گۆڵ لە گۆشەی ئەستەم، ئەو زۆر لە هاوڕێی پێشووی لە ئەکادیمیای لیۆن، ئەلیکساندەر لاگازیت دەچێت، بەڵام مەیلی جولەکردنی زیاترەو بەردەوام لە نێو هێڵی سزا ناوەستێت.

### تێری هێنری

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا باسی لێکچوونی مارتیال و هێنری دەکەن، هەندێکیان دووپاتیدەکەنەوە هێرشبەرە تازەکەی مانچستەر یونایتد نزیکترین کۆپی ئاسکەکەی فەرەنسا و ئەفسانەی ئارسناڵ لە هەزارەی تازەیە. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز بۆ تواناکانی مارتیال، تەنیا گرێدانی ناوی بە ناوی هێنری زیادەڕەوی زۆری تێدایە، چونکە ئەوەی هێنری شارەزا لە پریمەرلیگ پێشکەشی کرد، پێویستی بە چەندین ساڵ درەوشانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت شتێکی هاوشێوەی ئەو پێشکەش بکات. بەڵام ئاماژەی گەشبینی لەنێوان سەرەتای هەردوو یاریزانی فەرەنسی هەیە، نەخاسمە مارتیال بە یاریزانێکی زۆر (ڕاستەوخۆ) دادەنرێت، بەردەوام داوای تۆپ دەکات، بە شێوەی ستوونی بەرەو گۆڵی تیپی بەرامبەر جولە دەکات، ئینجا خاڵی دەرچوونی لە ناوەڕاست بێت یان لا باڵەکان، هێنریش بەو خاسیەتە ناسراو بوو.

### نەرێنییەکانی

لەگەڵ هەموو ئەرێنییەکانی مارتیال، لایەنی نەرینیشی هەیە. لەوانەش دیقەتی پاسدانی زۆر باش نییە، کە 72% بوو لەگەڵ مۆناکۆ لە وەرزی ڕابردوودا، بۆیە پێویستی بە کار و هەوڵدانی زۆر هەیە، هەروەها لە ڕووی بەرگریکردنیشەوە لەسەر ئاستی بەردانەوەی ڕەوا و پچڕاندنی تۆپ وەک پێویست نییە، پێدەچێت باشترین شوێن بۆ مارتیال هێرشبەری ڕەوان بێت، چونکە یاریکردن لە باڵەکان پێویستی بە ئەرکی دیکە هەیە، کە تاوەکو ئێستا بەدەستی نەهێناوە.

### مێرکاتۆی یونایتد

مانچستەر یونایتد ئەو هاوینە گرێبەستی لەگەڵ چەندین ئەستێرە واژووکرد، مۆرگان شنایدەرلین، باستیان شڤاینشتایگەر، مەمفیس دیپای، ڕۆمێرۆ، دارمیان و مارتیال، لەگەڵ بەهای هەموو ئەو ناوانە، کەچی ئەو گەنجەی لە مۆناکۆوە هاتووە، گرنگترین و دیارترینیانە، چونکە شتی زیاتری بۆ پێکهاتەکەی ڤان گال زیادکرد، ئەویش توخمی یەکلاییکردنەوەیە لە سێیەکی کۆتایی هێرشبردندا.

### گەورەترین سوودمەند

واین ڕۆنی بە گەورەترین سوودمەندی هاتنی ماریتال دادەنرێت، هەرچەندە هەردووکیان وەک هێرشبەر یاریدەکەن، بەڵام بوونی مارتیال واتە بەشداریکردنی ڕۆنی لە شوێنی 10 وەک دروستکەری یاری، یان باڵێکی ڕەوان لەلایەکی یاریگەوە، بەمەش ڕۆنی کەمێک لە گۆڵ دووردەکەوێتەوەو زیاتر سەربەست دەبێت، بۆ وەرگرتنی تۆپ و جولەکردنی خێرا بەرەو گۆڵ، لە دواوە بۆ پێشەوە. ڕۆنی بەردەوام پێویستی بە یاریزانێکی دیکەیە لە نزیکیەوە یاری بکات.

ئەو ژمارە و زانیاریانەی حەزدەکەی بیانزانی..

# سۆنگی کامیرۆنی 10 برا و 17 خوشکی هەیە

## "هەموو ئۆسترالییەکان مۆدریچیان خۆشدەوێ، چونکە خزمی مارک ڤیدۆکایە"

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێدا زۆر ڕووداو و زانیاری هەن، بۆ تۆ تازەن و حەزدەکەی بیانزانی، یاخود ئەگەر نوێش نەبن، پێتخۆش بیرت کەونەوە. ئەمانە هەندێکیانن.

* سیمۆن مینولێی گۆڵچی یانەی لیڤەرپوول و هەڵبژاردەی بەلیجکا بە پێنج زمان قسە دەکات، بڕوانامەی خوێندنیشی لەبارەی زانستی سیاسی هەیە.

* لۆکا مۆدریچی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ڕیال مەدرید و هەڵبژاردەی کرواتیا، بە ئاست توانای بەرزی ناسراوە، بەڵام لە ئۆسترالیاش بەناوبانگە، چونکە خزمایەتی لەگەڵ هێرشبەری نێودەوڵەتی پێشوو، مارک ڤیدۆکا هەیە.

* زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی، هەندێجار خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و توندە، ئەوەش لە منداڵی و ماوەی هەرزەکاری نائاسایی سەرچاوەی گرتووە، بە منداڵی ئارەزوویەکی سەیری هەبوو. ئەویش دزینی پایسکل بوو.

* ڕۆناڵدۆی دیاردەی بەرازیلی، هیچ جارێک نازناوی چامپیۆنسلیگی بەدەستنەهێناوە، هەرچەندە بۆ پێنج تیپ یاری کردووە، کە هەموویان نازناوەکەیان بەدەستهێناوە، ئەوانیش ئایندهۆڤنی هۆڵەندی، بارسیلۆنای ئیسپانی، ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، ڕیال مەدریدی ئیسپانی و ئەی سی میلانی ئیتاڵی.

* مارک هیۆزی یاریزانی پێشووی هەڵبژادەی وێڵز، ساڵی 1987 بە یانەکەی بەرامبەر هەڵبژادەی چیکوسلۆڤاکیا یاری کرد، بەر لەوەی بە ئۆتۆمبێل سنوور ببڕێت و ئێوارەکەی لە یارییەک بەرامبەر بایرن میونشن دەرکەوێت.

* ئەلیکساندەر سۆنگی کامیرۆنی و یاریزانی وێستهام یونایتدی ئینگلیزی 10 برا و 17 خوشکی هەیە.

* ماینۆر فیگوێرای یاریزانی نێودەوڵەتی هندۆراسی و یانەی ستۆک سیتی ئینگلیزی، لە قاچی چەپیدا تەنیا سێ پەنجەی هەیە.



### "لیڤاندۆڤسکی لە ترسی گڕکان نەچووە خولی پریمەرلیگ"

* فرناندۆ تۆریسی ئیسپانی بە کاروانە زێڕینەکەی وەک هێرشبەرێکی هەڵکەوتوو ناسراوە، نازناوەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا و مۆندیالی لەگەڵ ئیسپانیا بەدەستهێناوە، بەڵام کەم کەس دەزانێت کە ئەو لە سەرەتای دەستپێکردنی گۆڵچی بووە.

* ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری هەڵبژاردەی پۆڵەندا، کاروانێکی باشی لەگەڵ یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی تۆمارکرد، بەرلەوەی ڕوو بکاتە یانەی بایرن میونشن، بەڵام ڕاستییەکەی دەڵێ چەند ساڵێک پێش ئێستا، خەریکبوو ببێتە یاریزانی یانەی بلاکبێرن ڕۆڤەرزی ئینگلیزی، بەڵام هەڵکردنی گڕکان لە ئایسلەندا هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی گەشتەکەی بوو بۆ ئینگلتەرا، چونکە ئەو لە کارەساتە سروشتییەکان دەترسێت.

* حاڵەتی دەرکردنی زۆری یاریزانانمان بینیووە لە جیهانی تۆپی پێدا، بەڵام ئەو حاڵەتە ناوازە بوو، ناوبژیوان کارتی سووری بەڕووی ئەو کەسە بەرزکردەوە کە جلی لۆگۆی تیپی ماکلیسفیلد لەبەرکردبوو، لە یاری بەرامبەر لینکۆڵن سیتی لە ساڵی 1998 لە خولەکانی خوارەوەی ئینگلتەرا، چونکە لە کاتی دەمەقاڵی نێوان یاریزانی هەردوو تیپ کاری نارەوای کردبوو.

کریسی لێبووەتە مایکل..

# ڤان گال هێشتا فێری ناوی سمۆلینگ نەبووە



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لویس ڤان گال، ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بووە جێگەی گاڵتەجاڕی پێگە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت زۆر لە ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانیش وەک هەواڵێکی سۆفت باسیان لەو هەڵەیە کرد کە دووەمجارە ئەو ڕاهێنەرە بەرامبەر یاریزانەکەی، کریس سمۆلینگ دەیکات و لەجیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆی ناوێکی دیکەی بۆ دادەنێت.

لەوانەیە ڕاهێنەری مانچستەر یونایتد بڕیارێکی دروستی دابێت کاتێک بڕیاریدا واین ڕۆنی بەرامبەر یانەی سیسکا مۆسکۆی ڕووسی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا لە نێو یاریگەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەمجارەش نەیزانی بەڕاستی ناوی بەرگریکارەکەی، کریس سمۆلینگ بهێنێت. ڤان گال دوای یارییەکە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان پەسنی سمۆلینگی دا، بەڵام بە هەڵە ناوی نا، ئەوەش دووەمجارە ناوی یاریزانەکە بەڕاستی ناهێنێت، ڤان گال بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "دێڤید دی خیا ئێمەی ڕزگارکرد، دواتر مایکل سمۆلینگ ئێمەی ڕزگارکرد".

ڤان گال، لە ماوەی ئامادەسازی مانچستەر یونایتد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ وەرزی تازە، لە مانگی تەممووزیش لەجیاتی "کریس سمۆلینگ" گوتی "مایکل سمۆلینگ". مانگی ڕابردوو سمۆلینگ باسی ئەو ڕووداوەی کرد و دانی بەوەدانا کە ئێستا هەندێک لە هاندەران ناوی (مایکل)یان لێناوە و گوتی "ئەگەر بچمە ڕووسیا یان هەر شوێنێکی دیکە هەموو وادەزانن ناوم مایکلە، ئەو ناوە بۆ هەتا هەتایە پێوەم دەنووسێت".





بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەربگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com
411



## ئاشکرابوو

فابریزیۆ ڤیراتیی باوکی مارکۆ ڤیراتی یاریزانی ئیتاڵی ئاشکرایکرد کە پێش چەند ساڵێک یانەی ئاتالانتای ئیتاڵی ڕازی نەبووە ڤیراتی بباتە ریزەکانی تیپی لاوانی خۆی و لەو بارەوە گوتی «کە ڤیراتیم بردە ئاتالانتا بەرپرسانی ئەو یانەیە بڕوایان بە توواناکانی نەبوو، ڕازی نەبوون لە تیپی لاوانی یانەکەیان یاری بکات». هەروەها دەشڵێت «ئێستا بەرپرسانی ئەو یانەیە پێمدەڵێن پێویستە سوپاسی ئێمە بکەی، چونکە ئەگەر ئەوکات ڤیراتیمان لە یانەکەمان وەرگرتبوایە، نەدەبووە ئەو ئەستێرە گەورەیە».



ڕێبوار محەممەد

# بەتاڵبوونەوەی سیحری بینیتێز!

لە سەرەتاوە پێمابوو ئەوەی هەیە لە ریال مەدرید و دەدرێتە پاڵ رافا بینیتێز، هیچ سیحرێکی تێدا نییە و بەشێکی پەیوەندی بە ڕێکەوتەوە هەیە و بەشی گەورەشی شتێکی دیکەیە و بەرهەمی کاری ئەو ڕاهێنەرە نییە.

با ئەوە بڵێم پێمواننییە بە دۆڕانێک دنیا کۆتایی بێت، ئەوە سرووشتی تۆپی پێیە و ناتوانی بەردەوام براوە بیت، مەرجیش نییە کە دۆڕایت هەموو شت لەدەست بدەیت، ریال مەدریدی وەرزی رابردوو 22 یاری لەسەریەک نەدۆڕا و لە پڕدا کە جامەکەی بەسەردا قلێپ بووەوە لە کۆتاییدا هیچی بەدەستنەهێنا، کەواتە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێ بدۆڕێیت، ئەوەی بۆ ئارسینالی 2004 چووە سەر، زەحمەتە بۆ کەسێکی دیکە دووبارە ببێتەوە.

بەر لە دۆڕانەکەی بەرامبەر سیڤییا، زۆر باسی هەڵسانەوەی ریال مەدرید لەگەڵ بینتێزدا دەکرا، لەوەش گرنگتر باسی باشبوونی ئاستی بەرگری ئەو تیپە دەکرا کە چەندین ساڵە و ڕوونتر لە دوای فرناندۆ هێرۆوە بووەتە خاڵی دەستخەڕۆکەری هەموو ڕاهێنەرەکانی یانەی شاهانە و نە لۆکسمبرۆگۆ، نە کاپێلۆ، نە شوستەر و تەنانەت تا دەگات بە مۆرینیۆش پێیان چارەسەر نەکرا.

بەهەرحاڵ ئەوەی سیحرە کاتییەکەی ریال مەدریدی ڕافای بەتاڵکردەوە، یانەی سیڤییا بوو لە دۆخێکدا کە خراپترینیەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا.

بۆچی پێمواییە ڕافا سیحری لە بەرگری ریال مەدریدا نەکردبوو؟ چونکە گەرچی لە 10 یاریدا تەنیا 4 گۆڵی لێکرابوو، بەڵام ئەوە هیچی بەرهەمی کاری ڕافا و یاریدەدەرەکانی نەبوو لەسەر بەرگری تیپەکە، بەڵکو ئەوەی هەبوو درەوشانەوەی کەیلۆر ناڤاس بوو کە خەریکبوو وەرزی ڕابردوو ئەنچیلۆتی لەسەر کورسی یەدەگ بیرزێنێتەوە.

بەر لە یارییەکەی سیڤییا لە هیچ شوێنێکدا کارێکی مەزنی بەرگریکەرەکانی ریال مەدریدم نەبینیوە، نە ڕامۆس، نە پیپێ، نە ڤاران شتێکی زیادەیان نەکردووە لە چاو وەرزەکانی ڕابردوودا، ئەوان نانی درەوشانەوەی ناڤاس و دەرکەوتنی کاسیمیرۆیان دەخوارد، کە یەکێکیان پشت و یەکێکیان پێشی ئەوانی دەپاراست، دەنا تۆپە هەواییەکان هەر کێشە بوون بۆ بەرگری ریال و لێدانە ڕاستەوخۆ و هێرشە پێچەوانەکانیش هەمان شت. کە باسی درەوشانەوەی کاسیمیرۆش دەکەین، بێگومان بەهۆی دەرکەوتنیەتی لە وەرزی ڕابردوودا لەگەڵ پۆرتۆ، لە جێگەیەکدا کە پێشتر ریال لەوێدا ئەوی تاقینەکردبووەوە.

بەر لە سیڤییا، ریال مەدرید لەو 10 یارییەدا کە لە خولی ئیسپانیا کردی و لەو 4 یارییەشدا کە لە چامپیۆنزلیگ کردی، یارییەکەی نێو یاریگەی باخچەی میرەکانی بەرامبەر پاریس سانجێرمان لیدەربچێت، لە هیچ یارییەکدا تیپێکی باش نەبووە، بەڵکو زۆرینەی کات پشتی بە لێهاتوویی تاکایەتی یاریزانەکانی بەستووە و یاریکردنی تاکانەی ئەوان تیپەکەی لە دۆڕان پاراستووە، یان سەرکەوتنی پێبەخشیوە.

ئاخر ریال مەدریدی ئێستا، ریال مەدریدی ڕێکەوتە، بە ڕێکەوت لە سێلتاڤیگۆی بردەوە و ناچۆش بە ڕێکەوت بردنەوەی بەخشییە تیپەکە بەرامبەر سانجێرمان، دەنا تیپێک دەبینی، کەس هاوئاهەنگ نییە لەگەڵ ئەویتر، پلان و تەکتیکێکی ڕوون نییە لە یاریگەدا و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەیەک شێوە و ڕیتم یاریدەکات.

نووسین لەسەر ریال مەدریدی بینتێز زۆر هەڵدەگرێت، هەر لە بەرگرییەوە تا ناوەڕاست و تا هێرشبەر، بەڵام ئەوە بۆ کاتێکی دیکە و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە سیڤییا سەلماندی بەرگرییە باشەکەی ریال تەنیا بڵقێکی سەر ئاو بوو.

# شوماخەر 45 کیلۆ گۆشت و ماسوولکەکانی لەدەستداوە

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

جان تود، سەرۆکی تیپی فیراری بۆ پێشبڕکێکانی ئۆتۆمبێلی فۆرمۆلا 1، لە پەراوێزی خەڵاتی گەورەی مەکسیک گوتی « مایکل شوماخەر دۆستێکی نزیکمە و خێزانەکەشی لەمن نزیکن و منیش زۆر لەوان نزیکم، من مایکل زۆر دەبینم و تاوەکو ئێستا دەجەنگێت و دەبێت لێیگەڕێین لەگەڵ خێزانەکەی بجەنگێت لەپێناو چاکبوونەوە.

شوفێری ئەڵمانی مایکل شوماخەر ئەفسانەی پێشبڕکێی فۆرمۆلا 1، بەرگری لەو ئازارە دەکات کە ماوەی دوو ساڵە تووشی هاتووەو لەبەر بەهێزی هەموو ساتێک هەڕەشە لە ژیانی دەکات، دوای ئەوەی لە کاتی خلیکسان لەسەر بەفر لە مانگی کانونی یەکەمی 2013 تووشی ڕووداوێکی ترسناک بوو، کاتێک بەربووەوە و سەری بەر بەردێک کەوت.

پاڵەوانی جیهان 7 جار لە فۆرمۆلا 1 چەندین مانگ لەژێر چاودێری چڕ لە نەخۆشخانەی چیرنۆبل مایەوە، بەر لەوەی هۆشی بۆ بگەڕێتەوە، دواتر گواسترایەوە نزیکترین نەخۆشخانە لە ماڵەکەی لە شاری لۆزان لە سویسرا، بەر لەوەی لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014 بگەڕێتەوە ماڵەوە. بێژەری بەناوبانگی فۆرمۆلا 1ی بەرازیلی، ریجینالدۆ لیمی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی ئاشکرایدەکات کە شوماخەر لە حاڵەتی بێهۆشیدایەوە زۆربەی کێشی خۆی لەدەستداوەو دەڵێت «هەموو دەزانن کە مایکل لە حاڵەتی بێهۆشی بەردەوام دایە، ڕێژەیەکی زۆری ماسوولکەکانی لەدەستداوە و 45 کیلۆ کێشیشی دابەزیوە».





## LOTTO

ڕووداو وەرزشی

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..................... .....................

6 چل و چوارەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
5 ـ مۆبایل.

## پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555
لەگەڵ ناوی خۆت



سۆران ئیبراهیم لە سلێمانی

بە لێدوانی:

(ڕۆحی تانگۆ دەکێشن، ئێوەش قاچ ڕائەکێشن)

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net

ڕووداو
هەموو دووشەممەیەک
بخوێنەوە